# پێنجی هەشت

# 8/5

سابیر صدیق

لە ئاسەواری خۆڵەمێشی و

ئایدیای دان کلۆرو

بۆکڕوزی شارستانیەت

لەگومان و

لە کۆچ و با

لە جگەرە و مەی و ئافرەت

لە یەکەمین و ئاخرین گزنگە پلیشاوەکان

لە زەبەلاحترین هیچ

دیتان

چۆن پڕ پڕ بووم!

دیتان

لە نێو تەمی شین و سپی

غەڵبەغەڵبی بەفیڕۆ چووی باڕەکەدا وەژوور کەوتم

ئێوە ئاقلانە دەدوان و

**جگەرەکانتان دادەگیرسان**

**ئاقلانەتر دەخەنین و**

**پێکەکانتان دەخواردەوە**

**من..**

**مەستانە وەدەر کەوتم**

**مەستانە تر دەگریام و**

**سەرو سیمام لە ڕەشەبا**

**ڕێوڕۆشتنم لە چەخماخە دەشاردەوە**

**بەرد بوومایە**

**لەشەوێکی قێزەووندا دەتوامەوە**

**لەتەمێکی دڕکاویدا بزر دەبووم**

**بەڵام دیتان**

**چ پاڵەوانێکی سەما**

**لەسەمای چاوەڕوانیدا**

**چ سەنتوور ژەنێکی باڵا بووم**

**لە گۆرانیەکانی فیراقدا**

**        **        **

**ئەم شانۆیە دەناسمەوە**

**ئالێرەوە دەستم پێکرد**

سەعات سفرو یەک دەقە بوو

خەونە کامڵ بووەکانم

لە گەڵ سەمای مەمکی کچە قەیرەکانا بەیەکگەیشتن

لەلەزەتی بارانی پەڵەدا غەرق بوون

ئەو زەمانە عەشق

شەپۆلێکی سەدەفی بوو

بە میهرەوە

سەری دەکردە سەر ڕانی ژنە چاو باشقەڵەکان و

ختووکەی دڵنیایی

لەدڵی پیاوە ڕەبەنەکانا دەڕوان

ئەی خوایە گیان وەرە ئیمشەو

وەک کەروێشکێکی سپی خرپن

لەپەنجەرە شکاوەکەوە تەماشامکە

تەماشا..

لەسەرابی دروشمە سیاسیەکان و

وەفای پیاوە حەشەریەکانا

چ قوومارچیەکم لێدەرچوو

** ** **

ئەم شانۆیە دەناسمەوە

**ئالێرەوە**

**لە گەڵ سەمای مەمکی کچە قەیرەکانا بەیەکگەیشتن**

**لەلەزەتی بارانی پەڵەدا غەرق بووین**

**ئەو زەمانە عەشق**

**مەیتەرێکی نووراني بوو**

**سەری لەیاساکانی بازنەو**

**بنەماکانی شیعر دەردەچوو**

**دەتگووت باوکی خەرامانە**

**وەفا لە چاوی دەباری**

**وای ئەو زەمانە عەشق**

**ئای ئەو زەمانە عەشق**

**چەند قسەی خۆشی دەزانی**

1994 **سلیمانی**